

کووپەی شین

لەیلا نووڕانی
(مەهاباد)

لە بن سێبەری دوو دارمێوی حەسار دانیشتبووین، سوێنەمان پیزکردبوون. «زێنێ» دوو کەتری گەورەی ئاو لە مدبەقڕا هێنا و بە هانکەهانک کوتی: ئەی دایە گیان شان و پیلم دەرهات، ئەرێ بۆ کارە قورسەکان هەر وەبەر ئەمنی بەدبەخت دەکەوێ!

بە تۆرە ئاوی کولّیو و ساردی لە سوێنەی «ئامۆژنەشیلان» کرد.

ئامۆژنەشیلان کوتی: ئەی نەتبیستووە دەڵێن جیرانی چاک لە دایک و باب چاترە. جیران نەبای خوشکۆڵێ، پاشان لە تۆ تۆندوتۆڵترم پێ شک نایە، لە چاوی پیس بەدوور بی، دەڵێی گوێزی ئازای. پێکەنی و ددانەزێڕەکەی وەدیار کەوت.

«باجەئەسمەر» چاوێکی لێ داگرتم و داهاتەوە، قامکی دە ئاوەکە نا و ڕووی دە زێنێ کرد و کوتی: دادەی دادەی کارپیس، بەسسی ئاوی سارد تێکە هەموو چڵکەسوو دەبن.

زێنێ دم و لیچی هەڵقرچاند و کەترییەکانی لە بن پیرەدارگوێزی نێوەڕاستی حەسار دانا. لە پەنامان مەجوعمە داندرابوو و هەر یەکەی دوو پاروو سابوونی گەورەی لەسەر بوو. «ئامۆژنە شیلان» دەسماڵی زەڕحەریری هاویشبۆوە دواوە و قۆڵی هەتا ئانیشکی هەڵماڵیبوو و لکی سۆرانی لێ هاڵاندبۆوە، کوتی: با نێوی خولّا و ڕەسووانی لێ بێنین، لە پێشدا لە جلە سپییەکانەوە دەست پێ دەکەین. کراسی بابمی دە ئاوەکە هاویشت، دوو سێ جار سابوونی ڕێخست، ئەودیو و ئەم دیوی پێ کرد و ملی لە شووشتن نا. بەو دەست و مەچەکە خرۆپڕەیەوە بە هەموو دەمایە خۆی ڕێکی کوشی و کوتی: ڕەحمەت لە گۆڕی مردووت ڕۆڵە، ئەو بابەت هێند پیاوچاک و خێرخولّایە بارگرانی بۆ کەس نێ، شیویشی زوو چڵک بەردەدا..

زێنێ خێرا گەیشتێ، دەتکوت چەڵاکی درێژە لە پێشم چەقیبوو، ئاوی کوڵیو و ساردی دە سوێنەی من کرد. بە گاڵتە کوتم: هەی دانەوەشێی، دەستت نەوی کە خەریکی دامدەپۆلۆخێنی. زێنێ کەترییەکانی دانا و بە پێکەنین کوتی: ئای لە کچی کابرای چەند خۆ خۆشەویستە! بۆ دڵت چاکە ئەوەندەش دەست و پێ سپیلکە نیم.

ئامۆژنەشیلان شیوەکەی دە سوێنەی من هاویشت و کوتی: جا بیشۆ دایکی دایکم، چڵکی پێوە مەهێڵە، ئاوەکەت کوڵیو نەبێ ها، شیوەکە هەڵدەقرچێ.

بەدەم سابوون لێدانەوە سەرم هەڵهێنا و چاوێکم لە ڕوخساری سووروسپی ئامۆژنم کرد و کوتم: ئەرێ خەبەروباسی ئەو کچانەی ماڵە کوێخا ساڵەی؟ لە دڵم دەرناچن. ئامۆژنم بە پشتەدەستی ئارەقی نێوچاوانی ستڕییەوە کە وەک ڕۆژ دەدرەوشی و برۆ پەیوەست و ڕەشەکانی تێک نا و کوتی: ئۆۆۆۆ نەمێنم ڕۆڵە، پەرژینێکی بە گوڵ بێ، ژاندرمەی زۆڵی جسنەسەگ، لە هیچوپووچ و خۆڕایی بەو پەندەیان بردن، ئەتۆ ئەوەندە نامەرد بی، بە ڕۆژی ڕووناک پڕ دەیە ئەو کچۆڵە بەستەزمانانە و تاسکاڵو و دەسماڵیان لەسەر داماڵی، ئەو نامەردانە قاتڵەسەری ژنانن. کچێ وەباڵ بەئەستۆی خۆیان، لە خانەقای ژنان دەیانکوت ئەو تەریدانە گوڵی لاچاوی تاسکاڵوەکانیشیان لێ دزیبوون. دایکتان نەمرێ ڕۆڵە، دەیانکوت لە ترسان کردبوویانە حەشر و واوەیلایەک مەگین ئەو خوڵایە بزانێ، خەڵکی کۆڵانی وێنەتانیان پاکی وەسەر گەڕابوو، لەوێ «مامز» دڵی لە خۆ ببۆوە.

باجەئەسمەر لە پەنام لە بەرە خۆیەوە هەر نارەی دەهات. ئیستێکی چاک پێ چوو، هاتە نێو قسان و لەسەرەخۆ کوتی: پووڕەکاڵێی دەڵێ مامز ئەلحانیش هەر سەرودڵ دەیگرێ. چاوێکم لێ کرد چاوە کەسکەکانی پڕئاو بوون و لێوە گۆشتنەکەی کرۆشت. دڵم پڕ بوو و شیوەکەم بە قەوەتی خۆم کووشی و کوتم: ئەدی «سارا»ی بەستەزمان بۆ ناڵێی چۆنی لێ قەوما. ئاخێکم هەڵکێشا و سەرم داخستەوە، چوار کوتم شووشتبوو، ئەگەر کەفوکوڵی سەر ئاوەکەم ڕادا، هەمووی چڵکاو بوو، باجەئەسمەر کوتی: ئەو پاشەڕاوە بڕێژە کچم. زێنێ بەدەم تێکردنەوەی ئاو کوتی: دەردی دوو دەرد ئەوەیە میرزای خەرفاو خۆی لێ هاویشتە سەر پشت و دۆست و دوژمنی پێ خۆش کرد. کەترییەکانی دانا، سەرم هەڵهێنا، چاوێکم لێ کرد، دەستی لەسەر بڕۆی کردە کەپر و لێوە قەیتانییەکانی پەل کرد و چاوە کاڵەکانی چکۆڵە کردنەوە و بە دەمەلاسکەوە دەنگی بۆڕ کرد و بە دەم خۆبادانەوە کوتی: دنیای تێدا خەرابێ، تازە ئەو کچەمان ناوێ، ژاندرمە پڕیان داوەتێ.

کوتم: کچێ کوڕەکەشی چ پیاوێک نەبوو دەنا سارای هەڵدەگرت و ڕوحی خۆیان ڕزگار دەکرد.

ئامۆژنەشیلان کوتی: چڵکی خەڵکی مەشۆن، ئەنگۆ ئێستا زۆرتان ماوە لە دنیا حاڵی بن، ڕۆڵەگیان بە ناشکوری خوڵای ناڵێم ئافەرەت داوێنی خۆی لێ دوژمنە، هەر ئەوەندی کەوتە بەر زار و زمانان، وەک شووشە دەچڕێ.

کوتم: ئامۆژن ناحەق مەڕۆ، سارای چارەڕەش چ بکا عەجەمۆکە ئەو شارەیان دە ژێر چۆکی خۆیان ناوە، خۆ پیاویان لەسەر نەگرتبوو.

باجەئەسمەر سابوونەکەی لەسەر مەجوعمە داناوە و کوتی: لە قسان سارایان ڕاگوێستۆتە ماڵە باپیری لە شاروێران، کچەی فەقیر تازە کوا لە ڕووی هەڵدێ پێ دە سابڵاغ نێتەوە. دایکی هەموو خەڵات و زێڕی شیرنی خواردنی بۆ ماڵە میرزای ناردۆتەوە و بە یەکجاری هەڵوەشاوەتەوە.

زێنێ لە بن سێبەری دارگوێزەکە کەزی هۆنراوەکانی هاویشتەوە دوایە، دەستێکی دە کەلەکەی نا و کوتی: هەر بەوەی چاکە سەری نەگرت سارا دەڵێی مینای بێگەردە، خواردنی ئەو گاحۆڵەی میرزا نەبوو.

ئامۆژنەشـیلان نێوچاوانـی گـرژ کـرد و کوتـی: جـا تۆبـی ئـەو خولّایـەی ئـەوە قسـەیە، بـۆ دلّـت چاکـە، کورێکـە شـیری میسـر نایبـڕێ، تاقـە کوڕەیە و گۆچانـی پیـری بابـی خۆیەتـی، چتـان لـەو بەزمـە داوە.

باجەئەسـمەر دوا کوتـە شـیوە سـپییەکانی لەسـەر سـەلەی پەنـای دانـا و کوتـی: خـات شـیلان لـە تـاوی میـرزا سـووری شـین دەکا و شـینی سـوور دەکا. دەمـرم دەچـم دە بسـتەقەبرێکەوە ئـەوەی ئەوانـە بـە سـارایان کـرد دۆم بـە ژنـی خـۆی نەکـرد.

ئامۆژنەشـیلان وەرسـووڕا، ڕوومەتی وەک خاشخاشکی سـووری لێهاتبـوو، بـە گژیـدا هـات و کوتـی: جـا ئـەو ژنـەی دەیباتـەوە کـوێ، پەحـااا ئەمـن پاشـی سـەییدئەحمەدی، پیـاوی دنیایـەم پـێ بـاب و بـرای خۆمـە، سـەری هەڵهێنـا و چـاوی قوچانـد و خـۆی ڕاژانـد، ئارەقـە بـە لاجانگـی سـپی و سـۆڵیدا هاتـە خـوار و کوتـی: دەبـەر ئـەو گـۆڕەی مـرم پیـاوی وای تێـدا. بڕێـک ڕامـا و شـیوێکی دیکـەی بـۆ تێهاویشـتم و کوتـی: ئـەی لەبـەر ئەسـمەرەبۆری! دەبـێ خوێـت دە زاری کـەن. لەگـەڵ زێنـێ چاومـان لەیەکتـر کـرد و خۆمـان پـێ ڕانەگیـرا و هەرتکمـان پێکەنیـن.

وەبیـرم هاتـەوە پێـش مردنـی مامـم، زۆر جـاران لـە کـن دایکـم نازوگلەیـی دەکـرد کـە قـەت بەختـی نەبـووە و هـەر زوڵـم لێکـراو بـووە، دەیکـوت ئێسـتا خـۆی نەناسـیوە ئەگـەر بـە زۆری بـۆ کاکیـان بـە ژن داوە و دایمـی خـوڵای هـەر حەسـرەت بـە دڵ بـوو، هـەر لـە مامـی ڕەحمەتیـم تـووڕەش دەبـوو، دەیکـوت دوو عومـری منـی هەیـە وەک منداڵۆچکان مانـم لـێ دەگـرێ حـەک خـوڵا پاکـی کاتـەوە.

باجەئەسـمەر کوتـی: ئـەی سـاڵی پـار ئەگـە کاکەمیـرزام کـەس نەمابـوو لێـت ڕانەسـپێرێ بـۆ کلت لـە چـاوان نەدەکـەوت، خەنـەت لـە سـەری نەدەبـڕا، هـاااا؟ ئەخـە گـول و کوێـر و زەلیـل بـم دلّـت بـۆی دەکورکانـد. لاقمـان بـۆ لانـک درێـژە و لـە قاقـای دا و ددانـە وردەکانـی درەوشـانەوە.

لـە بنـەوە چـاوم لـە ئامۆژنەشـیلان کـرد، نێوچاوانـی جەحەندەمـی سـەروخواری تێـدا دیـار بـوو. لـە پـڕ بـە پشـت منـدا نیوەشـوارێکی ڕێ هاڵانـد، باجەئەسـمەر خـۆی لادا و لـە قـەدی دیـوار کـەوت، ئەوجـار کوتـی: بـە گومبـەزی شـێخی ئـەوە دیسـان هاتـە سـەری. ناوێـری بڵێـی میـرزا باجیـم بریـنـی دەکولێتـەوە.

زێنـێ بـە قاقاکێشـان سـەلەیەکی شـیوی سـپی هەڵگـرت و ڕووی دە حەوزخانـە کـرد.

لـە ترسـی ئامۆژنـم سـەرم دەبـەرە خـۆم نـا. ئەخـت و چاریشـم دەکـرد پێکەنینـم ڕانەدەوەسـتا، ئامۆژنەشـیلان بـە دەسـتە کەفاوییەکانـی نقوورچێکـی تـێ کوتـام و کوتـی: ئـەوە ئەلحـان ئـەو فرقەفرقـەت لـە چـی کچـێ! پووربەقسـە! دە بشـۆ بشـۆ خەریکـە تـاو دەپـەڕێ ئێسـتا کۆڵەشـیوێکمان مـاوە. بڕێـک ڕاوەسـتا و بـە پشـتە منـدا ڕووی دە باجەئەسـمەر کـردەوە و کوتـی: جـا پەکـم بـە کـێ کەوتـۆ کەیفـم لـێ بـێ مێـردی پـێ دەکـەم قیلـی بـە چاوتـەوە دەنیـم، ئـەوە هـەر داخـی ئەوەتـە بـۆ خـۆت ژنـی گولـەی مێردانـی. دوایـی سـەرێکی ڕاوەشـاند و ورتەیەکـی لێهـات و لـە حەیفـان بـێ ئـەوەی ڕووم تێـکا، شـیوەکەی شـڵپ دە سـوێنەکەم هاویشـت، داوودەلینگـم هەمـوو کەفـاوی بـوو. بـە قەڵسـی کوتـی: شـا ئـەو کراسـە بەزیادنەبوویـەی مـن، تەخـت و گوڵـی لێـک هـاڵاوە، شـەرتە تـازە قۆڵـی تـێ هەڵناکێشـم، بۆتـە پـەڕۆ کـۆن. بـە پێکەنیـن قیـت بوومـەوە و بڕێـک پشـتم حەسـاندەوە . باجەئەسـمەر کەفـی دەسـتی لـێ کـردەوە و ملـی لـە چەقەنـە لێدان نـا و کوتـی:

«ڕێگاااکەی سابڵاااغ گوڵ گرتوویەتیییی
دڵ هەر یەکێکە و میرزاگیان بردوویەتیییییی»

کچـێ وسـت بـن وسـت، بەردمـان لـێ دەبـارێ، خاتشـیلانێمان دڵـی دێشـێ، میـرزا بـۆ خـۆی میرزایـە. ئـەو هەوایـەت پـێ باشـە؟

ئامۆژنەشـیلان بـێ ئـەوەی سـەر هەڵهێنـێ بـە پرتەوبۆڵـە لەبـەرە خۆیـەوە کوتـی :حـەک ئەسـتۆ و

گردەڕانم شکێ باشە. شا ئەمن کێم بانگ کردۆ بۆ ڕۆژی شیوێ، ماڵتە ئەو ژنەتیوە بە خوێنی سەرم تینوویە، ئاخر بڵێ بە تۆ چ داخڵی، ئۆۆۆۆ بە قەت میرزات لەسەر دڵی خڕ بێ .

زێنێ شیوەکانی تێهەڵکێشابوون و خەریک بوو هەڵیدەخستن،

ئامۆژنەشیلان یەک بەخۆی هەرای کرد: هۆۆۆی زێنۆکێ دا وەرە دۆڵەدرێژ، پیلی دایکت بگرە و بیبەوە، حاشا لە خێروبێرتان. جیرانیش هەر جیرانی قەدیم. باجەئەسمەر بە پێکەنین کوتی: ئەو چاووڕوویە هەر ئی خۆت بێ.

زێنێ بە لەنجەولار لەو لاڕا هات و کوتی: ئەو شەڕە دندووکەیە هەر نەبڕاوە.

سەرم هەڵهینا و پانتۆڵی کاکم تۆند کووشی و دە سوێنەی باجەئەسمەرم هاویشت، نارەناری تێکەڵاوی خللەی بازنەشووشەکانی بووبوو، کەفی سەر ئاوی سوێنەکەی ڕادا و کوتی: ئەوەش خاوێن بۆتەوە هەهاااا ڕووناوە، بە شاڵی شێخی غەوساباتێ دەڵێی چاوی قرژاڵێ.

بۆ ئەوەی ئەو باسەیان لەبیر بەرمەوە، کوتم: بابم شەوێ دی دەیکوت لە مزگەوت کوتوویانە لە «گەڕەکی قیبلە» بە قرچەقرچی نوێژی نیوەڕۆیە، پێشیان بە «مەلاکەریم» و دوو فەقێیان گرتووە، ئیللان و بیللان دەبێ مێزەرەکانتان فڕێ دەن، دەیکوت وەک پەنجەی دەست خەڵکیان تێهاڵابوو و کەسیش فززەی نەدەهات، مەلا کوتبووی بمکوژن و بمبڕن مێزەر فڕێ نادەم، ئەمن قاقەزم هەیە و ئەلعان لە باغەڵم دانێ، مەلا و شێخ ڕێگە پێدراون. ئەوانیش گوێیان نەدابوونێ و وەبەر شەق و پێلاقانیان دابوون و شلوکوتیان کردبوون.

زێنێ کوتی:حەک کوێراییم گاتێ، مامۆستای فەقیر بەو دەستە لەرزانەیەوە، لە عرووسی بمێنێتەوە ئەو غەزەبلێگیراوانەن، ئەو بایە لەو کونەیەوە بێ دەبێ بۆیان چۆل کەین.

باجەئەسمەر بە پشتەدەستی ئارەقی نێوچاوانی ستڕپەوە و پەرەنگی گوارەکانی وە جووڵە کەوتن و لە بەرە خۆیەوە کوتی: ئۆۆۆ خوڵایە عەبد هەڵیگرتۆ ئەتۆ هەڵینەگری، کچەکێ لەوەش قەباحەتتر دەگێڕنەوە لە قسان، لە قەیسەریان مقەستی بەرگدرووپانیان دەست داوەتێ و نێفەکی پانتۆڵی دوو پیاوی دێهاتیان بڕیوە. ئامۆژنەشیلان لە پشتەدەستی خۆی دا و کەفی بە وڵاتدا پڕژاند و کوتی: ئەی تاڵان بەماڵم، بۆ ئاخرزەمانە، جا خۆ ئەوە ئەتک کردنە، قورعان بە ساحەبت، ئەو خەڵکە لێیان وەخۆ نەکەون لەو قەرارەی بێ، سەگ و شوانمان دێتەوە.

زێنێ سەلە بەدەستەوە پاڵی لە دارگوێزی نێوەڕاستی حەسار دابوو و هەرتک لای داوێنی کراسە گوڵ تەشبییەکەی دە پشتێندی دانتێڵی شین، چەقاندبوو و کوتی: ماڵتانە ئەو خەڵکەش بە یەکجاری پەکیان کەوتۆ، خۆ شاری بێ دەروازە نێ.

ئامۆژنەشیلان کوتی: دا ڕۆڵە زێنێ قورۆشکێکم ئاوی سارد بگەیەنێ وشکاییم هاتێ، لەو قسە زەلامانە گەڕێ نێرەکوڕانی.

گەرما بەجارێک هێرشی هێنابوو، ئارەقی نێوچاوانم ستڕپیەوە و کوتم: کاکم دەڵێ تیغی چاک دە کالانێ دا ڕاناوەستێ، «مەلاخەلیل گۆرئۆمەر» چاکیان لێ وەخۆ کەوتووە، هۆز و عاشیرەتی هێند بەدەورەوەن نەبێتەوە، فتوای داوە هیچی دی لەو چەکمەڕەقە قبووڵ نەکەن، پێی کفر و بێ شەرعییە جلی کوردی بگۆڕدرێ، کوتوویە کەس حەقی نێ شەپکەی پەهلەوی لەسەر نێ جا چ دەگا بە جلی فەڕەنگی، هەر کەس شەپکەی لەسەر نێ، سێبەری وە گیا و گۆڵیش کەوێ بۆ خواردن ناشێ، جا ئەوەش هیچ، مەڕومااڵیش بیخۆن شیرەکەیان حەرامە، جا بزانە چەندی ڕق لێ هەڵگرتوون وا قووڵی خوێندۆتەوە. پێی شوورەییە پیاو و ژن کەللەڕووت بن. هەموو هێزەکانی پڕچەک کردوون. کاکم دەیکوت لایەنگرانی ئاڵای کەسک

هەڵدەدەن، دەنگۆی ئەوە هەیە دەگەڵ سەرۆک عەشیرەتان بەو زووانە بە سابڵاغ دادەن.

باجەئەسمەر کوتی: وەی بە بابەوەی دەبەر مرم، نابێ بێڵن بە تەرخانی بیخۆن. بەشکم دە ماڵی کولییان کەن، پیاوی ڕەزا چەکمەڕەق لە تامیان بردۆتە دەر.

ئامۆژنەشیلان ئاوەکەی خواردەوە و ئاخێکی هەڵکێشا و کوتی: بە ناشکوری نەبێ قەت نەحەساینەوە.

باجەئەسمەر کوتی: خوشکۆڵێ لە نێومان دەرنەچێ، ئەو پیاوەمان دەڵێ عەلی عەجەمی ملساز، بە نوێژی نیوەڕۆیە لە نزیک مزگەوتی سوور لە پشتەوەڕا چارشێوی لە «خورشید» کردبۆوە، ئەویش نەغدوپوخت بۆ کاحەمەدی گێڕابۆوە، جا کاحەمەدیش وا دڕ، لە بابەکەی بابی قبووڵ ناکا، خوڵایەگیان تۆبە سەهووم کرد بە بوختانم بۆ نەنووسی، دوو ڕۆژ دوایە خەبەر هات مەیتی عەلی عەجەم لە گۆڕستانی مەلاجامی دیتراوەتەوە. دەیانکوت هێندیان وەبەر چەقۆیان دابوو، هیچ کوێی نەمابوو.

زێنێ لەو لاڕا هات و قرۆشکەکەی هەڵگرت و کوتی: ئەوەیە پیاو، دەبەر دەستی مرم وەک سەگ تۆپاندی. ددانی لەسەر یەک داگرت و کوتی: تۆڵەش بە دەست و مستی خۆت نەبێ تامی نێ. بڕێک پێچوو گەڕاوە و پەڕۆیەکی گەورەی بۆری هێنا، کوتی: باجەشیلان دا ئەوەش دە پاشەراوی شیوەکان وەردە دەڵێی چەوریدانە. هەستام و دەستم دە کەلەکەم نا و ڕووم دە زێنێ کرد و کوتم : وەی بابەگیان، پشتم هەڵنایەتەوە، بە نۆرەش بێ نۆرەی تۆیە. ئامۆژنەشیلان کوتی: تێرمان خوارد کچەجێڵە، کوێڕا ماندوو بووی، دایکم بە نمەکی شێخی، جارێ بۆ ماڵان نابی. باجەئەسمەر کوتی: پەنا بە خوڵای «بەیان» گیان تا دایکت دێتەوە شیوەکان قەدیش دەکرێن، بە قوربانی ڕۆژی هاوین بم دەڵێی ساڵە، هەموو کاری تێدا دەکرێ. سەرم هەڵهێنا لەسەربانی دیوی پسق،کووپە پێز کرابوون و وەک پیرۆزە دەدرەوشانەوە.

ڕووم دە مدبەق کرد، وڵات گڕی لێ دەبۆوە، بۆنی دۆکڵیو دەهات. کەترپیەکە لەسەر تەندوور قش قش دەکوڵی، دامگرت و چام دێم کرد. کە گەڕامەوە و بۆ لای تەنافەکان چووم، دەستم لە شیوە سپییەکان دا، ئیشک بووبوونەوە، لێم کردنەوە و چوومە ژوور و لە نێو یەغدان بوخچەکانم دەرهێنا و خەریکی قەدکردن بووم.

شیوی هەر کەسەم دە بوخچەی خۆی ناوە، دایکم بوخچەکانی بە ڕەنگ لێک جودا کردبوونەوە و هەمووی بە خەیاتە نەخشاندبوون، چوار سووچیان گوڵینگەی پێوەبوو.

ئی من ڕۆناسی بوو، زێنێ باوەشێکی شیو پێ بوو، لە بنم دانیشت و کوتی: با ئەوانەش نەجات دەین. سەر و تووڕەکەیەکی چکۆڵەی پڕ لە مێخەکمان دە بوخچەکانی ژنان نا و بۆ پیاوەکانیش شووشە عەتری چکۆڵەمان دانا. کە چووینەوە دەرێ، سێبەر شۆڕ بووبوونەوە، دوو تەناف شیو ئێستا خاو بوون.

باجەئەسمەر بن دارمێوەکانی ئاوپڕژێن کردبوو و گەسکی دابوون. فەرشی ڕاخستبوو و کەشفە چای لە پێش بوو، مەنجەڵە دۆکڵیوەکەی لە بن سێبەری دارمێوەکان دانابوو. ئامۆژنەشیلان لە بن نێردیوان ڕاوەستابوو و لایەکی داوێنی دە پشتێندی شەدە چەقاندبوو و کوتی: جا کچەکان وەرن ئەو کارەشم بۆ بکەن دەبەر ئەو بەژنە جوانەتان مرم، تا وا دەکەین دایکیشت دێتەوە دۆکڵیوەکەی دەخۆین. ئەو کووپانەم لە سەربانی بۆ بێننە خوارێ ئەنگۆ سووکترن، سبەی سێوی هاوینیمان بۆ دێ، سرکەی دادەنێینەوە. ئەوەندی بڵێی یەک و دوو زێنێ وەک هەلووک وەسەر کەوت، دەو قسانەدا بووین هەراهەرا لە کۆڵان پەیدا بوو، باجەئەسمەر بە هەڵاتن ڕووی لە دەروازە کرد، ئامۆژنەشیلان داوێنی داداوە و شەقاوێکی کردە دوو شەقاو و ڕووی لە دەرێ کرد.

زێنێ لەو حەوایەڕا چاوی لێ کردم و قیژاندی: بەیان بابانوێران، ئەوە بۆ لە جێی خۆت وشک هەڵاتووی، دە وەسەر کەوە تێرحەمرنەبوو!

بە هەناسەبڕکە لە سەربان، لە پەنا زێنێ چەقیم، زەینم دایە

لە نێوەڕاستی کۆڵان دوو ژاندرمە دەورەی دایکمیان دابوو. یەکیان پیاوێکی گەڕاوەی کورتەباڵا و ئەوی دی کوڕێکی سوورهوولەی منداڵکارە بوو.

دایکم چارەکەشانی هەوری پێوە، دەسماڵی مەلمەلی لێ دە مەلان کەوتبوو و تاسکڵاوەکەی لە پێشی دە خۆڵ گەوزیبوو. لە تاوانی وەخت بوو شێت بم، دڵم وە تەپەتەپ کەوت، یەک بەخۆم زیڕاندم دایەگیان... بەری دەن سەگی سەگبابینە. ئامۆژنەشیلان پڕ بە زاری جنێوی پێ دەدان و باجەئەسمەریش لە پشتەوەڕا چەند مستی گەیاندە پشتی ژاندرمە قوولەخرەکە و ئەویش پاڵێکی پێوە نا و بە دیواری دادا. دایکم هۆڕهۆڕ دەگریا.

ئامۆژنەشیلان لە کۆڵ ژاندرمە منداڵکارەکە نەدەبۆوە، بە قەڵافەت لەوی بەخۆوەتر بوو. دەو گێرەوکێشەیەدا ژاندرمە قوولەخرەکە بە دەم گوڕەگوڕ و نەڕەنەڕ، خەریک بوو لە دیوارەکەی بنمان نزیک دەبوونەوە، زێنێ چاوێکی لێ کردم، لە حەیفان ڕەش هەڵگەڕابوو، لێوی گەست و کوتی: هەی سندان لێ دراو، ئەو شین و گریانەت لە چی، وای ناخۆن، دا ئەو کووپانە هەڵگرە بزانم، بۆ خۆی گورجوگۆڵ دوو کووپەی شینی دەست دایە.

ژاندرمەکە لە بن دیوار نزیک ببۆوە، دەگەڵ زێنێ نیگامان تێک ئاڵقا و متەقمان نەکرد. کووپەیەکم بە هەموو دەمایە خۆم هاویشت و کوتم هەی خوێڕی ئەوە بە ژنان دەوێری. لە پەنای وە عەرز کەوت. ژاندرمەکە سەری هەڵهێنا، هەرتکمان خۆمان لادا. ئەوجار زێنێ بەو دەستە درێژانەی بە هەموو دەمایە خۆی، کووپە شینەکانی ڕێ هاڵاندن، یەکیان ڕاست وە سەری ژاندرمە قوولەخرەکە کەوت و خوێن بە سەروگوێلاکی دا هاتە خوار، لە حاستە خۆی بەربۆوە، زێنێ لە خۆشیان خۆی هەڵاویشت و کوتی : چاکم تۆپاند چاکم تۆپاند، خۆ ئەو قەحپەبابانە خوێنیان نێ، هەر وا دەچن.

ئامۆژنەشیلان و باجەئەسمەر کە وایان دی لە ژاندرمە منداڵکارەکە چوونە پێش و جا چت خواردووە ترش و چەوەندەر. ئەویش هەوەڵێ دەستی کردەوە و دوایە حەولی دا بۆی دەربباز بێ. باجەئەسمەر لەو کەڵەگەتتر بوو و وەبەر چەپۆکانی دا و بەریشی نەدەدا. ژاندرمە قوولەخرەکە هەر وا لەوێ کەوتبوو.

خەڵکیان لێ هاڵابوو، ژنەکان تێکڕاولێکڕا خۆیان دە ژووری کوتاوە و تەق دەروازەیان پێکدادا. لە جێی خۆمان وشک هەڵاتبووین. کۆڵان یەکی دی نەدەبرد، منداڵی سەر پشتی لانکیش دە ژوورێدا نەمابوو. ژاندرمە قوولەخرەکەم لێ دیار بوو کە بە حاڵەحاڵ ڕاست بۆوە و دەستێکی بەدیوار گرت، هیچ گیانی نەمابوو و هەموو سەروگوێلاک و لاشانی شەڵاڵی خوێن بوو. لە حەیفان بەسەر خەڵکی کۆڵاندا دەینەڕاند و دیار بوو بە تورکی جنێوی بە هاوڕێکەی دەدا کە دە خۆڵ گەوزیبوو و پاڵی لە دیوار دابوو و ژێر نەدەبۆوە، ئەوجار دەروجیران بە غیرەتی ژنەکانەوە ژاندرمەکانیان ڕەپێ نا و منداڵەورکە خرکەبەردیان تێ گرتن. زێنێ بە دڵخۆشی لە حەسارێ ڕا کوتی: وەرە خوارێ وەرە، تەمبێی بە هەزارسااڵمان کردن. ئەمنیش دوا ئاوڕم داوە. کۆڵان بە ژاوەژاوی خەڵک هەڵگیرابوو، دەنگی گریانی دایکم لە وەتاغی سەر حەسار مچوورکی پێدا هێنام و بە لووشمەلووشم بە نێردیوانەکەدا داگەڕام.

«٣١ پووشپەڕی ١٤٠٥ی هەتاوی»